| 103 | پرۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 104 | پرۆژە بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 105 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 106 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 107 | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرکان ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٦٥ی هەموارکراو. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 108 | پرۆژە بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچوانی زانستە سیاسیەکان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر نوسراوە، ئەم دوو پرۆژەیە و کراوە بە یەك. لەبەر ئەوەی لە اختصاصی پەرلەمانی کوردستاندا نیە، بۆیە نوسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆمار کراوە بەو مەبەستەی پرۆژەیەك لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکرێت، بەلام تا ئێستا بێ وەڵامە. |
| 109 | پرۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچووانی زانستە سیاسیەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | |
| 110 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 111 | پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی سەلامەتی و باشیی بەرهەمە خۆماڵی و هاوردەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی بەکاربەر<br>٣. لیژنەی تەندروستی | ——<br>—— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 112 | پرۆژە یاسای پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 113 | پرۆژە یاسای دانانی ئۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی<br>٣. لیژنەی پەروەردە | لیژنەی تەندروستی | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 114 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 115 | پرۆژە بڕیاری تایبەت بە هەموارکردنی مووچەی پلە تایبەتیەکانی هەرسێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانیان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 116 | پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق | دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ١ـلیژنەی یاسایی<br>٢ـلیژنەی ناوخۆ | پەسەندکراوە<br>تا ئێستا یاساکە بەتەواوی نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. |
| 117 | پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ١ـلیژنەی یاسایی<br>٢ـلیژنەی ناوخۆ | پەسەندکراوە |
| 118 | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 119 | پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 120 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی مووچە. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 121 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی مووچەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 122 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 123 | پرۆژە یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی. | دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی شارەوانی<br>٣ـ لیژنەی کشتوکاڵ | ١ـلیژنەی شارەوانی<br>٢ـلیژنەی کشتوکاڵ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 124 | پرۆژە بڕیاری بەپارێزگاکردنی شاری کۆیە لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٦) ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٤/١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 125 | پرۆژە بڕیاری قەرەبوکردنەوەی شەهید و بریندارانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ و ڕۆژانی دوایی. | دانیشتنی ژمارە (٦) ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٤/١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ـــــــ | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 126 | پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بەپایتەختی ئازادی. | دانیشتنی ژمارە(٧) ی ڕۆژی ٧-٤-٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 127 | پرۆژە بڕیاری بە پارێزگاکردنی ئیدارەی گەرمیان | دانیشتنی ژمارە(٧) ی ڕۆژی ٧-٤-٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 128 | پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. پیشەسازی و وزە | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 129 | پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و بەروبومەکانی KODO. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. پیشەسازی و وزە<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 130 | پرۆژە هەمواری یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ١-لیژنەی یاسایی<br>٢-لیژنەی کۆمەلایەتی | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە |
| 131 | پرۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی ئۆپەراسیۆنەکانی کۆچپێکردنی زۆرە ملێی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 132 | پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشک و کارمەندە تەندروستییەکان. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 133 | پرۆژە بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەک ڕۆژی جینۆسایدکردنی شنگال. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشمەرگە | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 134 | پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرتکراوان. | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 135 | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی مافی ئافرەتان<br>٤. لیژنەی مافی مرۆڤ | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 136 | پرۆژە یاسای دوورکەوتنەوە لە سوکایەتی کردن بە ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ئەوقاف<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | لیژنەی ئەوقاف | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 137 | پرۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | پەسەندكراوە |
| 138 | پرۆژە یاسای پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی خانەنشینیی مەدەنی و سەربازی. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ناوخۆ<br>٤. لیژنەی پێشمەرگە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 139 | پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراوی ئاڵوگۆڕکردن لە بازارە نێوخۆییەکانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراوی عێراقی فیدراڵ. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کشتوکاڵ<br>٣. لیژنەی دارایی<br>٤. لیژنەی ناوخۆ<br>٥. لیژنەی بەکاربەر | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 140 | پرۆژەی یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای جێبەجێکردنی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 141 | پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای کوژاندنەوە و ئیفرازکردنی زەوییەکان لە ناو سنووری شارەوانییەکاندا. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی شارەوانی<br>٣. لیژنەی دارایی<br>٤. لیژنەی کشتوکاڵ | لیژنەی شارەوانی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 142 | پرۆژە یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 143 | پرۆژە بڕیاری دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعشدان و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون نین. | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠/٥/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی شارەوانی | لیژنەی شارەوانی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 144 | پرۆژە یاسای تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوەکان. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٩/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە | ١ـلیژنەی یاسایی<br>٢ـلیژنەی پێشمەرگە | پەسەندكراوە<br>دوو پرۆژەیە لێکدراوەو وەك یاسایەك پەسەند کراوە<br>تا ئێستا ڕێنمایی دەرنەچووە و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە |
| 145 | پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی یاسایی | |
| 146 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای زمانە فەرمییەکان، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٩/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی رۆشنبیری | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 147 | پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی پیادەکردن و رەفتاری پێشلکار بۆ مۆراڵ و رەوشتەکانی پیشە بۆ پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 148 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | ئامادەیە بۆ گفتوگۆ<br>ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر نوسراوە، چوار پرۆژەیەو لێکدراوە وەك یەك پرۆژە. |
| 149 | پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | |
| 150 | پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | |
| 151 | پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | |
| 152 | پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بارە مەدەنییەکانی ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٧٢ی هەموارکراو. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٣/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 153 | پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٣٠/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 154 | پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەندوقی خانەنشینیی پارێزەران، ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٣٠/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 155 | پرۆژە یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٣٠/٦/٢٠١٥ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | ڕاپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

خشتەی ژمارە (١١)

## ئاستی کاری پرۆژە یاساکان لە پەرلەمان

| ژ | بابەت | ژمارەی پرۆژە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی کراون بە یاساو پەسەند کراون لەخولی چوارەمی پەرلەماندا بە گشتی | ٢٥ | ٪١٦,١ |
| ٢ | ئەو پرۆژە بڕیارانەی پەسەند کراون لەم خولەدا | ١ | ٪٠,٦ |
| ٣ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆ | ١٥ | ٪٩,٦ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو پابەندبوونی داراییان هەیەو حکومەت وەلامی نەداوەتەوە | ٣ | ٪١,٩ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوە بۆ سەرۆکایەتی و ئامادە نەکراون بۆ گفتوگۆ | ١١١ | ٪٧١,٦ |
| | سەرجەم | ١٥٥ | ٪١٠٠ |

لەماوەی تەمەنی پەرلەماندا لە خولی چوارەم تا ئێستا، (١٥٥) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش کراون، لە کۆی ئەم پرۆژانە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە (٢٥) دانەیان کراون بە یاسا، هەندێك لەوانە هەیانە دوو پرۆژە یا زیاتر بوون و لێکدراون کراون بە یەك یاسا، (هەروەك لە خشتەکەدا دیاریکراوە)، هەروەها (١) بڕیاریش دەرچووە، (١٥) پرۆژەش راپۆرتی لیژنەکانیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆ، (٣) پرۆژەش دوای ئەوەی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیداریان لەسەر نوسراوەو بۆ حکومەت ناردراون و لەبەرئەوەی پابەندبوونی داراییان تیایە پێویستیان بە رەزامەندی حکومەت هەیە، بەلام حکومەت وەلامی پەرلەمانی نەداوەتەوە. (١١١) پرۆژەش تا ئێستا راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوە بۆ سەرۆکایەتی کاریان لەسەر نەکراوە.

لەم خولە شەش مانگیەشدا تەنها (٩) یاسا پەسەند کراون کە ئەمانەن:

١. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١]
٢. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.[٢]
٣. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان.
٤. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان–عێراق.[٣]

(1)– ئەم یاسایە دەرچووە بەلام تا ئێستاشی لەگەلدابێت وەك پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو دامەزراوەکانی ئەم ئیدارەیە پێکنەهێنراون.

(2)– ئەم یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، سێ مانگ دانرابوو بۆ ئەوەی ئەندامەکانی دەستنیشان بکرێن، بەلام تا ئێستاش هەنگاو نەنراوەو دەستبەکار نەبوونە، رێنماییش بۆ یاساکە دەرنەچووە.

٥. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٤]

٦. یاسای ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٥ هەمواری دووەمی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٥]

٧. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای راکێشانی مایە لەرێگای قەرزکردن لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[٦]

٨. یاسای ژمارە (٨)سالی ٢٠١٥ یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان–عیراق.[٧]

٩. یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان–عیراق.[٨]

هەروەها (١) بڕیاریش دەرچووە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

١–بڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان ـ عێراق. (٩)

(3)– یاسایەکی تەوافوقییەو دەستی ئەندامانی لیژنەکەی بەستووە، لە یاساکەدا هاتووە کە لیژنەکە لە(٢١) ئەندام پێکدێت، بەلام تا ئێستاش تەنها (٢٠) ئەندام دەستبەکار بوونە. وادەی دانراو بەپێی یاساکە کۆتایی هات، بەلام ئیشەکانی لیژنە تەواو نەبووە. پێویست بوو لە پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەلام نەکراوە.

(4)– یەکێك لە یاسا باش و مەدەنیەکانە کە بواری پیادەکردنی مافەکانی هەریەك لە پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات گەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(5)– ئەم یاسا تا ئێستاش نە رێنمایی بۆ دەرچووەو نە چۆتی بواری جێبەجێکردنیشەوە.

(6)– ئەم یاسایە سەرباری ئەوەی نارەزایی زۆری لەسەر بوو، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/٢) پەسەندکرا، بەلام شێوازی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بوو، چونکە لەکاتی گفتوگۆ و دەنگدانی بەشێکی زۆر لە مادەکانیدا نیصابی یاسایی ئەندامان لە هۆلی کۆبوونەوەدا ئامادە نەبوون. دواتر بەهۆی یاداشت و بەدواداچوونی (ئەنستیتۆتی پەی) کە چاودێری رەوشی پەسەندکردنی یاساکەی دەکرد، داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد پەسەندکردنی ئەم یاسایە پێویستی بە دووبارە گەڕانەوەیە بۆ هۆلی پەرلەمان، چونکە پرۆسەی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بووە. ئەوەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان دووبارە گێڕایەوە نێو هۆڵی پەرلەمان و لەدانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/١٦) دووبارە دەنگی لەسەر درایەوە. ئێستاشی لەگەلدابێت یاساکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەنجومەنی وەزیران بەفەرمی رایگەیاند کە پرۆسەی قەرزیان وەستاندووە.

(7)–ئەم یاسایە تەنها یەك مادەیە کە تیایدا راگرتنی یاساکەی لە جێبەجێکردن راگەیاندووە وبۆ ماوەی ساڵێك دوایخستووە.

(8) – تا ئێستا رێنمایی بۆ ئەم یاسایە دەرنەچووە و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە

(9) – ئەم بڕیارە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.


ئەو پرۆژە یاسایانەی کراون بە یاساو پەسەند کراون لەخولی چوارەمی پەرلەماندا بە گشتی
ئەو پرۆژە بڕیارانەی پەسەند کراون لەم خولەدا
ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆ
ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو پابەندبوونی داراییان هەیەو حکومەت وەلامی نەداوەتەوە
16.1%
0.6%
9.6%
1.9%
71.6%

## خشتەی ژمارە (١٢)

## ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی پرۆژە یاسا کە ئاراستەی لیژنە کراوە | ژمارەی ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | رێژەی پرۆژە یاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ١٥٥ | ٤٠ | ٪٢٥,٨ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ٤٦ | ٩ | ٪١٩,٥ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ٢١ | ٩ | ٪٤٢,٨ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ٧ | ٤ | ٪٥٧ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٨ | - | ٪٠ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ٩ | ٢ | ٪٢٢,٢ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ١٤ | ٥ | ٪٣٥,٧ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١٦ | ٧ | ٪٤٣,٧ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٣ | ١ | ٪٣٣ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن. | ٧ | ٣ | ٪٤٢ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی. | ٩ | ٨ | ٪٨٨ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ٢١ | ٢ | ٪٩,٥ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ. | ١٩ | ٥ | ٪٢٦ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ٩ | ٥ | ٪٥٥ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ٥ | ٤ | ٪٨٠ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ٣ | - | ٪٠ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | - | - | - |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی. | ٤ | ٢ | ٪٥٠ |
| -٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | - | — | - |
| -٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| -٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. | ٢ | - | ٪٠ |
| | **سەرجەم** | **٣٦٢** | **١٠٨** | **٢٩,٨** |


ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە
%٣٠
%٧٠
ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە
ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوە

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٢):

**یەکەم**: لیژنەکان سستن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان، بەپێی برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت لیژنەی پەیوەندیدار لەماوەی (١٠) رۆژدا راپۆرت سەبارەت بە پرۆژە یاساکە بنوسن و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرز بکەنەوە، بەلام ئەوەی لەخشتەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێت، لیژنەکان بەم کارە هەلنەستاون و پێشێلی پەیڕەویان کردووەو راپۆرتیان نەنوسیوە ئەمەش هۆکارێکی سستیی پەرلەمان و پەسەندنەکردنی یاساکانە.[10]

**دووەم**: لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لەسەرەتای دەستبەکار بوونیانەوە، لەکۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە، دەبوایە (٣٦٢) راپۆرتیان بنوسیایە، بەلام بەهەموویانەوە تەنها (١٠٨) راپۆرتیان نوسیوەو تا ئێستا (٢٥٤) راپۆرت دوواکەوتووە.

**سێیەم**: نەنوسینی راپۆرتیش لەلایەن لیژنەکانەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١-سستی لیژنەکان.

٢-ناپرۆفیشنالیی ئەندامەکان و نەشارەزاییان لە پرۆژە یاساکان.

٣-لاوازی پرۆژە یاساکان.

٤-ململانێی سیاسیی نێوان فراکسیۆنەکان.

٥-درەنگ وەلامدانەوەی حکومەت بۆ هەندێك پرۆژە یاسا کاتێك داوای وەرگرتنی رایان لێدەکرێت.

**چوارەم**: سەبارەت بە کارایی و سستیی لیژنەکان و بەراوردیان، دەکرێت لە خشتەی سەرەوەدا ئاستی هەر لیژنەیەك بکەوێتە بەرچاو و دیاری بکرێت.

---

(10)–لە برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای داڕشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای دە رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی پێنج رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

### خشتەی ژمارە (١٣)

## سروشتی ژمارەی ئەندامان لە لیژنەکاندا بە پێی بڕوانامە

| ژ | لیژنە | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | خوار زانکۆیی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ٢ | ٢ | ٧ | - | ١١ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ٣ | ١ | ٦ | - | ١٠ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | - | - | ٦ | ٥ | ١١ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | - | - | ١ | ٩ | ١٠ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | - | ١ | ٢ | ٤ | ٧ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ٥ | ٣ | ٣ | - | ١١ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ٣ | ٢ | ٢ | ٢ | ٩ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١ | ٢ | ٦ | ١ | ١٠ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | - | - | ٥ | ٢ | ٧ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن. | - | ١ | ٢ | ٣ | ٦ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٧ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ١ | - | ٦ | ٤ | ١١ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤـ. | ٢ | ٣ | ٣ | ٢ | ١٠ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ٣ | ١ | ٧ | - | ١١ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ١ | ١ | ٧ | ١ | ١٠ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ١ | - | ٣ | ٢ | ٦ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | | | | | |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ١ | ٥ | ٤ | - | ١٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی. | ١ | - | ٣ | ٣ | ٧ |
| ٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | - | - | ٦ | ٣ | ٩ |
| ٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | - | - | ٦ | ٣ | ٩ |
| ٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی | ١ | ١ | ٣ | ٥ | ١٠ |

## تێبینییەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٣):

١–لە بەشێکی زۆر لە لیژنەکاندا پسپۆری ئەندامان لە لیژنەکاندا رەچاو نەکراوە، ئەمەش هۆکارێکە کە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا تا ئێستا زۆرترین ئەندام لیژنەکانی خۆیان گۆڕیوە.[١١]

٢–بوون بە ئەندام لە لیژنەکاندا بە دەنگدانی پەرلەمان دەبێت، هەموو دەنگدانێکیش لەسەر بابەتێکی لەم شێوەیە پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان هەیە، کە پێویستە بە فەرمی بنوسرێت و لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاو بکرێتەوە، بەلام لەماوەی سالێکدا سەرباری ئەوەی گۆڕانکاریی زۆر لە لیژنەکاندا کراوەو لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر دراوە، بەلام هیچ بڕیارێك دەرنەچووەو بلاو نەکراوەتەوە.[١٢]

٣–لەدابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا گرنگیی لیژنەکان لەبەر چاو نەگیراوە، هەندێك لیژنە گرفتی کەمیی ئەندامیان هەیە، چونکە کەمترین ئەندام رویان تێدەکات، بۆ نمونە لیژنەکانی (وەرزش و لاوان، پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن، داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت، پاراستنی مافی بەکاربەر، ئاوەدانکردنەوە)، ئەمەو لەکاتێکدا پەرلەمانتار هەیە لە (٣) لیژنەدا ناوی هەیە کە ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، پەرلەمانتاریش هەیە لە یەك لیژنەیە و پەرلەمانتاریش هەیە لە هیچ لیژنەیەك ئەندام نیە.[١٣]

٤–پەرلەمانتار هەیە لە سێ لیژنە ئەندامە، لیژنەکانی (لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن) و (لیژنەی وەرزش و لاوان) و (لیژنەی کاروباری پەرلەمان). هەروەها پەرلەمانتاریش هەیە لە هیچ لیژنەیەك ئەندام نیە. کە دەتوانین بەم شێوەیە دیاری بکەین:

ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە هیچ لیژنەیەك نین: ١

ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە یەك لیژنە ئەندامن: ١٥

ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە دوو لیژنە ئەندامن: ٩٠

ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە سێ لیژنە ئەندامن: ١

٥–کاتێك بەراوردی پسپۆری و بروانامەکان دەکرێت لە لیژنەکاندا، نایەکسانیەکی زۆر هەیە، (هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت)، هەندێك لە لیژنەکان سستییان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامەکانی کەمتر پسپۆر و شارەزان.

---

(١١) – لە مادەی (٣٧)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: لیژنە بەردەوامەکان لە یەکەمین خولی گرێدراو لەدوای هەلبژاردنی پەرلەمان پێکدەهێنرێت و لە پێکهێنانەکەشی خواست و پسپۆری ئەندامەکە رەچاو دەکرێت.

(١٢) – لە برگەی (١)ی مادەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامەکان بەسەر لیژنەکاندا دابەش دەکات بەمەرجێك بەپێی تواناو پسپۆری ئەندام و خواستەکەو پێویستی لیژنەکان رەچاو بکات و ئینجا پرسەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ رەزامەندی لەسەر دان و لە حالەتی رازی نەبوونی پەرلەمان لەسەر لیژنەیەکی دیاریکراو پەنا دەبرێتە بەر هەلبژاردنی.

(١٣) – لە برگەی (٢)ی مادەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ناکرێت ئەندامێتی زیاتر لە دوو لیژنەی بەردەوام کۆبکرێتەوە، هەروەها ناکرێت ئەندامێتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی لیژنە بەردەوامەکانی پەرلەمان کۆبکرێنەوە.

## خشتەی ژمارە ( ١٤ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان

## خولی یەکەمی ٢٠١٥

| ژ | ناوی لیژنە | ژ.ئەندامانی لیژنە | ژمـــــــارەی کۆبوونەوەی لیژنە | ئامادە نەبوان بە مۆلەت و غیابەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ١١ | ٤٣ | |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ١٠ | ١٥ | ٤٧ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ١١ | ٣ | ١٠ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ١٠ | ١٠ | ١٩ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٧ | ٢ | ٤ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ١١ | ٦ | ١٢ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ٩ | ٩ | ١١ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١٠ | ٦ | ٩ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٧ | ٤ | ٤ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن. | ٦ | ٧ | ١٠ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاییني. | ٧ | ٥ | ٧ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ١١ | ١٢ | ٤٣ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤـ. | ١٠ | ٣ | ٨ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ١١ | ١١ | ٣٠ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ١٠ | ٥ | ١٤ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ٦ | ٥ | ٩ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | ٧ | - | - |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ١٠ | ٦ | ١٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی. | ٩ | ٦ | ١٣ |
| ٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | ٩ | ٧ | ١١ |
| ٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٩ | ٣ | ١١ |
| ٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. | ١٠ | ٤ | ١٤ |
| | **سەرجەم** | | ١٧٢ | ٢٩٦ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٤):

١- لەماوەی شەش مانگدا لیژنەکانی پەرلەمان (١٧٢) کۆبوونەوەیان کردووە، لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (٢٩٦) جار ئەندامان ئامادە نەبوون.[١٤]

٢-لیژنەکان سستن لە ئەنجامدانی کارەکانیان.

٣-کۆبوونەوەکانیان بەپێی پێویست نیە، بەبەراورد لەگەڵ ئیشوکاری هاولاتیان و ئەو گرفتانەی هەن و ئەو پرۆژانەی رووبەڕوویان کراوەتەوە.

٤-رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامان لەکۆبوونەوەکانی هەندێ لیژنەدا زۆر و بەرچاوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری لیژنەکە هەیە.

٥-لیژنەی یاسایی ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکانی دیار نیەو ژمارەکەیمان دەستنەکەوتووە.

٦-لیژنەی وەرزش و لاوان لەماوەی شەش مانگدا هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەداوە.

٧- لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کۆبوونەوەیەك ئامادەبوونی وەرنەگیراوە.

---

(١٤) – سەرجەم ئەو داتاو زانیاریانە لە پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی پەرلەمان وەرگیراون کە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا خوێندراونەتەوەو بەپێی خشتەی ئامادەکراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی لیژنەکان دەستنیشانکراون.

## خشتەی ژمارە (١٥)
## بانگهێشت و میوانداری وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە

| ژ | وەزیر | مێژووی داواکاری | مێژووی ئامادە بوون | لایەنی داواکار | هۆکاری بانگ کردن | ئەو مادەیەی پەیرەو کە پێی بانگکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنجومەنی نەوت و گاز | ٢٠١٥/٢/٢٦ | ئامادە نەبوون | ژمارەی ئەندامان | | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٢ | وەزیری سامانە سروشتیەکان<br>وەزیری دارایی | ٢٠١٥/٣/٨ | ئامادە نەبوو | سەرۆکایەتی | بەمەبەستی بەشداریکردن لە گفتوگۆی یاسا | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٣ | وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان | ٢٠١٥/٣/١٨ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار گۆران ئازاد | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٤ | وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار | ٢٠١٥/٣/١٨ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار گۆران ئازاد | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٥ | وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار | ٢٠١٤٥/٤/١ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار سۆران عومەر | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٦ | سەرۆکی حکومەت<br>وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار<br>وەزیری کشتوکاڵ<br>سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان | ٢٠١٥/٤/٢٧ | ٢٠١٥/٥/٢٦<br>سەرۆکی حکومەت ئامادە نەبوو و جێگری لە بری خۆی نارد. | ژمارەی ئەندامان | | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی دووەم لە ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عیراق |
| ٧ | کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی | ٢٠١٥/٦/١٤ | ٢٠١٥/٦/١٧ | ژمارەی ئەندامان | رونکردنەوە لەسەر ئیش و کارەکانی کۆمسیۆن | لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و بەپێی ماددەی (٣) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤. |
| ٨ | وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان | ٢٠١٥/٦/٢٢ | ئامادە نەبوو | سەرۆکایەتی | بەمەبەستی بەشداریکردن لە گفتوگۆی یاسا | بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٩ | وەزیری تەندروستی | ٢٠١٥/٦/٢٩-١٨ | | ژمارەی ئەندامان | بەمەبەستی بەشداریکردن لە گفتوگۆی یاسا | بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |

## ڕێژەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن پەرلەمانەوە بانگهێشت کراون




## بانگهێشتی وەزیرەکان و ئامادەبوونیان لە پەرلەمان



## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٥):

١-لەلایەن پەرلەمانەوە (٧) وەزیر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داواکراون بچنە پەرلەمان، لەوانە (جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ) و وەزیرەکانی (سامانە سروشتیەکان) و (دارایی) و (شەهیدان) و (تەندروستی).

٢-لەلایەن ئەندامانەوە داوای ئامادە بوونی (ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم) کراوە کە پێکهاتووە لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەزیری پلاندانان)، بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەلام ئامادە نەبوون.

٣-دوو وەزیر بەمەبەستی لێپێچینەوە (استجواب) بەپێی ماددەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمان کراون، بەلام هیچیان ئامادە نەبوون و بەدەم داواکەوە نەچوون، ئەوانیش هەردوو وەزیری (شارەوانی) و (شەهیدان)ن، کە لەسەر داوای پەرلەمانتاران (گۆران ئازاد) و (سۆران عومەر) بانگهێشت کرابوون بەمەبەستی لێپێچینەوە.

٤-لەو دەستانەش کە پەیوەستن بە پەرلەمانەوە (دەستەی وەبەرهێنان) بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، و (کۆمسیۆنی هەلبژاردن) بەپێی مادەی (٣) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان و راپرسی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامان، لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە بوون.

٥-واتە لە کۆی شەش مانگدا پەرلەمانی کوردستان لە کۆی (٢٤) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران داوای ئامادەبوونی لە (١٥) وەزیر کردووە لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە بن، بەلام تەنها (٤) دانەیان ئامادە بوون و (١١) لەوانەی بانگ کراون نەچوونەتە پەرلەمانەوە.

## خشتەی ژمارە ( ١٦ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ئامادە نەبووان (غیاب) | مۆڵەت | بایکۆت | سەرجەم (غیاب، مۆڵەت، بایکۆت) | بەشداربووانی کۆبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/١/٢٧ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٢/٥ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (١)ی دەستپێك رۆژی ٢٠١٥/٣/٣ | ٢ | ٣ | - | ٥ | ١٠٦ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٩ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٢٥ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٣١ | ١ | ٩ | - | ١٠ | ١٠١ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١ | - | ٢٦ | - | ٢٦ | ٨٥ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٧ | - | ٢٠ | - | ٢٠ | ٩١ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣/یەکەم | - | ٨ | - | ٨ | ١٠٣ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣/دووەم | ٥ | ٨ | - | ١٣ | ٩٨ |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١/یەکەم | ١ | ١٤ | - | ١٥ | ٩٦ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١/دووەم | ٢ | ١٧ | - | ١٩ | ٩٢ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ١ | ١١ | - | ١٢ | ٩٩ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠/یەکەم | - | ١٢ | ٣٨ | ٥٠ | ٦١ |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠/دووەم | ١٢ | ١٧ | - | ٢٩ | ٨٢ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦/یەکەم | ٢ | ٩ | - | ١١ | ١٠٠ |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦/دووەم | ٣ | ١٢ | - | ١٥ | ٩٦ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢/یەکەم | ٣ | ١٨ | ٣ | ٢١ | ٨٧ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢/دووەم | ٣ | ٢٠ | ٣ | ٢٣ | ٨٥ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٩ | ١ | ١٩ | - | ٢٠ | ٩١ |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (١٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ | - | ١٥ | ١٧ | ٣٢ | ٧٩ |
| ٢٣ | دانیشتنی ژمارە (١٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٧ | ٣ | ١٦ | - | ١٩ | ٩٢ |
| ٢٤ | دانیشتنی ژمارە (١٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٣ | - | ٤ | ٥٠ | ٥٤ | ٥٧ |
| ٢٥ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩/یەکەم | ٥ | ٨ | - | ١٣ | ٩٨ |
| ٢٦ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩/دووەم | ١١ | ٩ | - | ٢٠ | ٩٠ |
| ٢٧ | دانیشتنی ژمارە (١٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | |
| ٢٨ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٨/١٩ | - | - | ٥٨ | ٥٨ | ٥٣ |
| | کۆی گشتی | ٥٥ | ٢٧٥ | ١٦٩ | ٤٩٣ | |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٦):

١-لەم خولەدا (١٩) کۆبوونەوەی ئاسایی و (٣)کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامدراوە، واتە بە گشتی (٢٢) کۆبوونەوە لەم خولەدا کراوە.

٢-کۆبوونەوە ئاساییەکان (٥)یان دوو دانیشتن بوونە، واتە بەیانی و ئێوارە.

٣-لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (٦)کۆبوونەوە ناوی ئامادە بووان وەرنەگیراوە.

٤-واتە لە (٢٢) دانیشتندا تێکڕا (٣٣٠) جار ئەندامان بەشداری کۆبوونەوەیان نەکردووە، جا بەهۆی (غیاب)ەوە بوبێت یا مۆڵەت بووبن. ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ئامادەنەبوونی تێکرای ئەندامانی پەرلەمان (١٣٪)ە.

٥-لە (٦) دانیشتنی جیاوازیشدا (١٦٩) ئەندام بایکۆتی کۆبوونەوەکانیان کردووە.

## خشتەی ژمارە ( ١٧ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان

## خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.ئەندامانی فراکسیۆن | ئامادە نەبون | مۆڵەت | سەرجەم بەشدار نەبووانی کۆبوونەوەکە | ڕێژەی ٪ ی لە تێکڕای ئامادەنەبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ٢١ | ١٢٠ | ١٤١ | ٪٤٢,٦ |
| ٢ | لیستی گۆڕان | ٢٤ | ٩ | ٤١ | ٥٠ | ٪١٥,١ |
| ٣ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ١٥ | ٤٢ | ٥٧ | ٪١٧,٢ |
| ٤ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٢ | ١٤ | ١٦ | ٪٤,٨ |
| ٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | - | ٧ | ٧ | ٪٢,١ |
| ٦ | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٪٠,٦ |
| ٧ | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، | ١ | ٢ | ٧ | ٩ | ٪٢,٧ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ٢ | ٤ | ٦ | ٪١,٨ |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ١ | ٤ | ٥ | ٪١,٥ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | - | ٩ | ٩ | ٪٢,٧ |
| ١١ | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | - | ٩ | ٩ | ٪٢,٧ |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ١ | ٦ | ٧ | ٪٢,١ |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | - | ١ | ١ | ٪٠,٣ |
| ١٤ | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | - | - | - | - |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | - | ٤ | ٤ | ٪١,٢ |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | - | ٢ | ٢ | ٪٠,٦ |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ١ | ٤ | ٥ | ٪١,٥ |
| | **سەرجەم** | **١١١** | **٥٥** | **٢٧٥** | **٣٣٠** | **٪١٠٠** |

## ڕێژەی ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەپێی فراکسیۆنەکان



## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٧):

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان(بە غیاب و مۆلەتەوە) ریزبەندی فراکسیۆنەکان بەم جۆرە دەبێت لە زۆریی ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکانیان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣- گۆڕان.

٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٥- گردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری.

٦- رافیدەین.

٧- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.

٨- پێشکەوتنی تورکمان.

٩- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

١٠- ئازادی.

١١-ئەرمەن.

١٢-ئاراستەی سێیەم.

١٣- بەرەی تورکمانی

١٤-ئەبناو ئەلنەهرەین.

١٥-بزووتنەوەی ئیسلامی.

١٦- هەولێری تورکمانی.

١٧- گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، تاکە لیستێکە کە لەهەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادە بووەو غیاب و مۆڵەتی نیە.

**خشتەی ژمارە ( ١٨ )**

**ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی بەهارەی ٢٠١٥**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | سەعاتەکان |
|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/١/٢٧ | ٠:٢٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٢/٥ | ٨:٤٥ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (١)ی دەستپێك رۆژی ٢٠١٥/٣/٣ | ٢:٢٥ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٩ | ٤:٠٠ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ | ٣:٠٥ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٢٥ | ٠:٥٥ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٣/٣١ | ٢:٤٠ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١ | ٤:٠٠ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٧ | ٣:٠٥ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣/یەکەم | ٧:٤٠ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/١٣/دووەم | ٢:١٥ |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١/یەکەم | ٢:٤٠ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢١/دووەم | ٢:١٥ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ٢:٠٥ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠/یەکەم | ٢:٣٥ |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠/دووەم | ٢:٤٠ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦/یەکەم | ٣:١٥ |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦/دووەم | ٢:٢٠ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢/یەکەم | ٣:٢٥ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢/دووەم | ٣:٠٠ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٩ | ١:٠٠ |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (١٥) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ | ١:١٥ |
| ٢٣ | دانیشتنی ژمارە (١٦) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/١٧ | ٢:٠٠ |
| ٢٤ | دانیشتنی ژمارە (١٧) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٣ | ٢:١٥ |
| ٢٥ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩/یەکەم | ٤:٠٠ |
| ٢٦ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩/دووەم | ١:١٠ |
| ٢٧ | دانیشتنی ژمارە (١٩) ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠ | ٣:٣٥ |
| ٢٨ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٥/٨/١٩ | ٠:٠٥ |
| | **کۆی گشتی** | **٧٨:٤٥** |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٨):

١-پەرلەمان لەماوەی شەش مانگدا لە (٢٠١٥/٣/١ تا ٢٠١٥/٨/٣١) کە (١٨٣) رۆژ دەکات، (٢٢) رۆژ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە.

٢-لە (١٩) دانیشتنی ئاسایی و (٣) کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەماندا لەماوەی شەش مانگدا، (٧٨:٤٥) (حەفتاوهەشت کاتژمێر و چل و پێنج خولەك) کۆبۆتەوە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کاری پەرلەمانی و گرفت و کێشەکانی هاولاتیان و قەیرانەکانی هەرێمدا رێژەیەکی کەمە.

٣-ئەمە یەکێك لە کەم و کورپییەکانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە دەستنیشانی نەکردووە کە پەرلەمان هەفتانە دەبێت چەند رۆژ کۆببێتەوە. بۆیە پێویستە دەستکاری بکرێت.

## خشتەی ژمارە (١٩)

## ژمارەی ئەو بڕگانەی بەرنامەی کار کە جێبەجێکراون خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ژمارەی بڕگە | جێبەجێکراو | جێبەجێنەکراو | ڕێژەی بڕگەی جێبەجێکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٧ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٥ | ٢ | ٢ | – | ٪١٠٠ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (١)ی دەستپێك ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣ | ٤ | ٣ | ١ | ٪٧٥ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٢) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٩ | ٢ | – | ٢ | ٪٠ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ | ١ | – | ١ | ٪٠ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٢٥ | ٢ | – | ٢ | ٪٠ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣١ | ٤ | – | ٤ | ٪٠ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١ | ٤ | ٤ | – | ٪١٠٠ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧ | ٢ | ٢ | – | ٪١٠٠ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٣ | ٢ | ١ | ١ | ٪٥٠ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢١ | ٣ | ٢ | ١ | ٪٦٦,٧ |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٩ | ٣ | – | ٣ | ٪٠ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠ | ٣ | – | ٣ | ٪٠ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١٢) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٦ | ٢ | ١ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١٣) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١٤) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٩ | ٢ | ١ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٥) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/١٦ | ٣ | ٢ | ١ | ٪٦٦,٧ |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٦) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/١٧ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٧) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٣ | ٣ | ٢ | ١ | ٪٦٦,٧ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٨) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٩ | ١ | – | ١ | ٪٠ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٩) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠ | ٥ | ٤ | ١ | ٪٨٠ |
| | دانیشتنی ژمارە (٣) ی نائاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٩ | بەرنامەی کار (١)بڕگە بوو، کۆبوونەوەکە لەبەر نەبوونی نیصاب ئەنجام نەدرا | | | |
| | **کۆی گشتی** | ٥١ | ٢٧ | ٢٤ | ٪٥٢،٩ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٩):

١-پەرلەمان لە کۆی شەش مانگی ئەم خولەدا (٢٢) دانیشتنی ئەنجامداوە، لەکۆی دانیشتنەکاندا (٥١) بڕگەی کاری لەبەرنامەی خۆیدا خستۆتە ڕوو، لەوانە (٢٧)بڕگەی جێبەجێکردووە لەکاتی خۆیدا و (٢٤) بڕگەیشی دواخستووە و لەکاتی خۆیدا جێبەجێی نەکردوون.

واتە: کۆی بڕگەی بەرنامەی کار = ٥١ (١٠٠٪)

کۆی بڕگەی جێبەجێکراو =٢٧ (٥٣٪)

کۆی بڕگەی جێبەجێنەکراو =٢٤ (٤٧٪)



**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگدا**

**خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان**

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٢٢ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٥١ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٢٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٢٤ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٩ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ١ |
| ٨ | ژمارەی راگەیاندراوی پەرلەمان | ٨ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ١٢ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون. | ٥ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەلام ئامادە نەبوون | ٧ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون. | - |
| ١٣ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | هیچ |
| ١٤ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ١٧٢ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ١٠٨ |
| ١٦ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٥٤ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ٢٠ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ٣٣٠ |

## پەرلەمانی کوردستان وەك مەرجەعیەتی باڵای سیاسیی هەرێم

پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دەزگەی یاسایی و شەرعی هەرێمی کوردستانەو دەبوایە لەکات و ساتی خۆیدا بڕیاری هەبێت و چەتری کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان و سەکۆی یەکالاکردنەوەی پرسە چارەنوسسازەکان بێت، هەروەك لەبڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:(پەرلەمانی کوردستان–عیراق، تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق.....).[١٥] بۆ نمونە وەك: پرسی پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کشانەوەو مانەوەی پێشمەرگە، قەیرانی سوتەمەنی، ریفراندۆم، بارودۆخ و قەیرانی عیراق، کەرکوک و کێڵگە نەوتییەکان، جولاندنی هێز، بەلام نە بڕیارێکی یەکالاکەرەوەی هەبوو و نە حیسابیش بۆ ئەو بڕیارانەی کراوە کە دەریکردوون.

پاڵپشت بەم بڕیارە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە بەو ئەرکە یاسایی و سیاسی یە هەڵبستێت و لاوازبووە .

### یەکەم : پرۆژە دەستووری هەرێم:

پاڵپشت بە ماددە (٢) لە یاسایی ژمارە (١٩) ی پەرلەمانی کوردستان هاتووە (پرۆژەی دەستوری هەرێم هەموار دەکرێتەوە بە سازان لەو ماوەی (دووساڵ ) (٢٠١٣ – ٢٠١٥)، دواتر بەرورونی لەپەیامی سەرۆکی هەرێم لە (٢٠١٣/٧/٢٧) جەختکراوەتەوە لەسەر ئەم خاڵە. بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەگشتی و دەستەی سەرۆکایەتی بەتایبەتی، لەم پرسە سەرکەوتوو نەبوون. پاڵپشت بەم خاڵانە:

١. لە ٢٠١٤/٧/٢٥ (جەختکراوەتەوە) فراکسیۆنی سەوز داوای کردووە سەرۆکایەتی کار لەسەر ئەم پرسە بکات، دەستەی سەرۆکایەتی بەڵینیان دا لە مانگی ئابی(٢٠١٤) کاری لەسەر بکەن، بەڵام نەکرا.

٢. لە ٢٠١٤/٩/١١ بەواژوی پەرلەمانتاران پرۆژەیەك بۆ دروستکردنی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستوور پێشکەش کرا، بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرا.

٣. لە مانگی ٢٠١٤/١١ پرۆژە یاسایەك کە بە سازان نووسرا بوو لەلایەن (٦١) پەرلەمانتار واژوکرا بوو کە خودی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و (سەرۆکی فراکسیۆنەکان) واژوویان کردبوو بەڵام دواتر بەهۆی پەشیمان بوونەوەی هێزیکی سیاسی لەسەر پرۆژەکە، ئەم پرۆژەیەش ئەنجامی تەواوی نەبوو .

---

(١٥) – مادەی (١) لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان.

٤. دوای بێ هیوا بوونی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر ئەم پرۆژەیە سەردانی هەموو حیزبەکانی کرد، دوای رەزامەندی حزبەکان ئینجا لە (٢٠١٥/٥/١) راپۆرتی لیژنەی یاسایی واژوو کرا و پێشکەش کرا و پەسەندکرا، ئەمەش وایکرد لیژنەکە لە (٢٠١٥/٥/٢٠) یەکەم کۆبوونەوەی بکات، سێ مانگ کاتی هەبێت واتە تا ٢٠١٥/٨/٢٠ کە دەکاتە رۆژی تەواو بوونی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، ئەمەش روونە کە نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

٥. ئێستاش لیژنەکان کارەکانی تەواو نەکردووە، بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر سیستەمی سیاسیی، و ماوەی کارکردنی لیژنەکەش درێژنەکراوەتەوە چونکە چاوەروانی رێککەوتنی لایەنەکانە.

## دووەم: هەمواری یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم:

وەك لەخالّی یەکەم روونکرایەوە کە دەرکەوت هەمواری پرۆژەی دەستووری هەرێم فریایی چارەسەری پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ناکەوێت، بۆیە دەبوایە وەك چارەسەری دووەم بۆ ئەم پرسە ئەم یاسایە هەموار بکرابوایەوە، بەلاّم پەرلەمان لەمەشدا سەرکەوتوو نەبووە چونکە :

١. لە ٢٠١٥/٦/٢٣ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاساکانی تایبەت بە هەمواری یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم کردووە.

٢. دوای (٣٦) رۆژ راپۆرتی لیژنەی یاسایی نوسراوە، ئەمە لەکاتێکدا دووای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە تەنها یەك مانگ و (٢٦) رۆژ کات لەبەردەم پەرلەمان بووە.

٣. لە ٢٠١٥/٨/١٩ دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام دراوە کە ئەمەش لەکاتێك بووە بۆ بەیانی شەرعیەتی یاسایی سەرۆکی هەرێم تەواو دەبوو، بۆیە روونە یاساش بەو رۆژە پەسەند ناکرێت و واژۆ ناکرێت، بۆیە پەرلەمان بەمەبست یان بێ مەبەست بەشداربووە لە درووست کردنی ئەم شەرعیەتە نایاساییەی سەرۆك.

یەکێك سەرۆکە بۆ ماوەی دوو مانگ جا یان بەرێز سەرۆکی پەرلەمانە یان سەرۆکی هەرێمە ئێستا دەردەکەوێت کە بێ دەنگی سەرۆکی پەرلەمان لەبەرامبەر مومارەسەی دەسەلاّتەکەی سەرۆکی هەرێم مومارەسەی سەرۆکی هەرێم دەکات.

جگە لەوەی دەبوایە کاتێك پەرلەمان کۆبوونەوەی بکردایە کە ئەگەر رێژەی یاساییش تەواو نەبوایە، داوی ماوەیەکی تر کۆبوونەوەی تری ئەنجام دابوایە.

٤. بەپێی مادده(١٥) لەیاسای ژمارە (١) ی سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە (ئەگەر پلەو پایەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەك، چۆل بوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان–عیراق ئەرکو فرمانەکانی

هەڵدەسوڕێنێ تا لە ماوەی (٦٠) رۆژدا – لەرۆژی چۆڵبوونی پلەو پایەکەوە – سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ). [١٦]

بەپێی ئەم ماددەیە دەبوایە لە (٢٠١٥/٨/٢٠) سەرۆکایەتی پەرلەمان ممارەسەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی بکردایە، چونکە سەرۆکی پەرلەمان بەنوسراوی فەرمی رای ئەنجومەنی شورای رەتکردەوە، [١٧] کە باس لەوەدەکات سەرۆکی هەرێم لە دوای ٨/٢٠ لە پۆستەکەی دەمێنیتەوە، بەڵام نەبینرا سەرۆکی پەرلەمان داوای دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بکات، یان بەیاننامەیەك دەربکات بەبیانوی بۆشایی یاسایی، لە کاتێکدا بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ئێستا بۆشایی یاسایی لەهەرێمدا نیە. [١٨]

---

(١٦) – مادەی (١٥) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

(١٧) – ڕاگەیەنراوێك لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان:

لە چەند رۆژی رابردودا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە شێوەیەکی مەنهەجی هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر پەرلەمان کوردستان و خودی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکردوە، هەمو لایەکیش دەزانێ ئەم هێرشانە کاردانەوەیەکی نایاساییە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە لە ماوەی رابردودا پەرلەمان کوردستان گرتویەتەبەر بۆ چارەسەرکردنی یاسایانە کێشەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە رۆژی ٢٠١٥/٨/٢٠ دەست پێدەکات، بە پێی بریاری ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمان تاکە مەرجەعی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە هیچ حزبێك بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە بۆی نییە دەست لە کاروباری پەرلەمان وەربدات، پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی لە گەلی کوردستانەوە وەرگرتووە هیچ حزبێك ناتوانێ قسە لە سەر شەرعی بونی پەرلەمان و بریارەکانی بکات. کۆبونەوەکەی ٢٣ حوزەیرانیش کۆبونەوەیەکی شەرعی و یاسایی بوەو ٧ فراکسیۆنی سەرەکی پەرلەمان کوردستان ئامادەبیون و خوێندنەوە بۆ ٤ پرۆژە یاساکراوە کە رێکارە یاساییەکانی بریوە، ماوەی چەند ڕۆژێکیشە سەرۆکی پەرلەمان دەرفەتی هێڵاوەتەوە بۆ سازانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوە، بەڵام تا ئێستا لایەنەکان رێکنەکەوتوون لەسەر ئەو پرسە .

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کاروبارەکانی پەرلەمانی بەرێوەبردوەو هیچ حزب و لایەنێك بۆی نییە دەست لە کاروباری وەربدات، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان شەرعەتی لە دەنگی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتارانەوە وەرگرتوە. ئەوەی لە چەند رۆژی داهاتودا بە پێی یاسای ژمارە (١) ٢٠٠٥ و یاسای ژمارە (١٩) شەرعیەتی کۆتایی پێ دێت سەرۆکی هەرێمی کوردستانە نەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان ١٤–٨–٢٠١٥

(١٨) – دەقی راگەیێندراوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردسان لەبارەی بریارەکەی ئەنجومەنی شوراوە:

ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بەرواری ٢٠١٥/٨/١٧ رادەربرینێکیان بە ژمارە ٢٠١٥/٣٠ ئەنجام داوە تایبەت بە پرسی تەواو بوونی ویلایەتی سەرۆکی هەریم وە تیایدا هاتووە کە بەکۆتایی هاتنی بەرواری ٢٠١٥/٨/١٩ پۆستی سەرۆکی هەریم بە چۆلی نامینێتەوە بەڵکو بەردەوام دەبێت لە راپەراندنی ئەرکەکانی تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ، ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوای ناوبژیوانی (تحکیم)یان کردووە لەسەر ئەم بابەتە .

سەبارەت بەو پرسە ئەم ڕونکردنەوانە بە پێویست دەزانین :

١.وەکو پەرلـەمانی کوردسـتان کـە تاکـە مەرجـەعی خـەڵکی کوردسـتانە رایدەگەیـەنین، هـیچ کاتێـك داوای رادەربڕینمـان لـە ئەنجومەنی شورای هەرێم نەکردووە سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و، نوسراوی ئاماژە پێدراو کە گوایە لە سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەیان کـراوە بـە ژمـارە(٢٠) لـە ٢٠١٥/٨/١٣ ، لـە پەرلـەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتییەکەی دەرنەچـووە و گوزارشت لە پەرلەمانی کوردستان ناکات .

٢.بەپێی ماددەی (١٧) برگەکانی (٨،٧،٦) لە پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان، تـەنها سـەرۆکی پەرلـەمان دەسـەڵاتی ئاراستەکردنی نوسراوی بۆ دەرەوەی پەرلەمان هەیە.سەرۆکی پەرلەمان تـەنها دەسـەڵاتی ئاراسـتەکردنی داواکـاری و نوسـراوی لیژنە و نوسینگەکانی پەرلەمانی بۆ لایەنی پەیوەندیداری داوە بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان نەك نوێنەرایەتی یاسایی پەرلـەمان و راوەرگرتنی یاسایی بە ناوی پەرلەمانەوە .

هەروەها بە پێی مادەی (١٠) بڕگەی (یەکەم) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەریم تەنها سـەرۆکی پەرلـەمان مـافی ئاراسـتەکردنی نوسراوی هەیە بۆ ئەنجومەنی شورا و بە گوێرەی ئەمەش بـە نوسـراوی ژمـارە (١٨)لـە ٢٠١٥/٤/٢٢ ی ئەنجومـەنی شـورا کـە بـە روونی و بە پێی یاسای ئاماژەپێکراو داوایان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە تەنها سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی داواکردنـی راو و بۆچونی هەیە لە ئەنجومەنی شورا .

٣.رۆژی ٢٠١٥/٨/١٧ کە رۆژی کۆبونەوەی ئەنجومەنەکە بووە سەبارەت بەم پرسە، بەر لە دەسـتپێکردنی کۆبونەوەکـەیان و لـە کاتی ئەنجامدانیدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەردوو نوسـراوی ژمـارە (١٥٨٦) لـە ٢٠١٥/٨/١٧ و ٤٢٨٧/٣/٤ لـە ٢٠١٥/٨/١٧ ، ئەنجومەنی شورای ئاگادارکردۆتەوە کـە تـەنها سـەرۆکی پەرلـەمان دەتوانێـت نوسـراو ئاراسـتەی ئەنجومەنەکـەیان بکـات، هـەر نوسراوێکی تر گوزارشت لە رای پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتییەکەی ناکات. بەڵام ئەنجومەنی شورا هەر سـور بـوو لەسـەر کارەکەی خۆی و ، ئەمەش گومانی جددی دەخاتە سەر بێلایەنی و نەزاهەتی ئەنجومەنەکە .

٤.بە پێی مادەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی شورا ( ئەنجومەن راوێژی یاسایی پێشکەش دەکات لەو پرسانەی کە لـە لایـەنی باڵاوە بۆ پرسپێکردن دەخرێنە بەردەمی) ئەمە تاکە مادەیە پەیوەندی بە پەرلەمانـەوە هـەبێت بـەو سـیفەتەی لایـەنی باڵایـە و مادەی (نۆیەم) پەیوەندی تەنها بە وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتەوە هەیە .

٥.پاڵپشت بەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدا، ئەو رایەی ئەنجومەنی شورا بۆ پەرلەمانی کوردستان باپەند(ملزم)نییە.

## تێبینییەکان لەسەر کاری خولی بەهارەی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٥

**یەك:** لە ماوەی شەش مانگ تەمەنی پەرلەماندا کە (١٩) دانیشتنی ئاسایی و (٣) نائاسایی ئەنجامدراوە، پەرلەمانی لە ئیشوکارەکانیدا وەك پێویست پابەندی پەیرەوی ناوخۆی نەبووەو لەگەڵ شوێندا پێشێلی کردووە. بۆ نمونە:

١-پەسەندکردنی یاساو دەنگدان لەسەری بەبێئەوەی نیصابی ئەندامان تەواو بێت.

٢-بەپێی پەیرەوی ناوخۆ[١٩] دەبێت ژمێرەی کۆتایی (الحساب الختامی) ساڵی دارایی پێشتر بچێتە پەرلەمان، بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن هەتا پەرلەمان و خەلکی کوردستان ئاگایان لێ بێت لە بودجە کە هی خەلکی کوردستانەو لەپێناو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت لە سەرفکردنی بودجەدا. بەلام تاکو ئێستاشی لەگەلدابێت ژمێرەی کۆتایی ساڵەکانی (٢٠١٢) و (٢٠١٣) و (٢٠١٤) لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان نەکراوە و پەرلەمانیش لێی بێدەنگە.

٣-ئیجرائات نەکردن لە ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان. ئەندام هەیە ژمارەی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەوەندە زۆرە کە لەگەل پەیرەویشدا وێکنایەتەوە بەبێئەوەی هیچ رێوشوێنێکی لەبەرامبەردا گیرابێتەبەر.[٢٠] ئەندامی پەرلەمان هەیە چەندان دانیشتن ئامادە نەبووە کە پێچەوانەی پەیرەوە بەلام هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵدا نەکراوە.[٢١]

٤- یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠١٤/٧/٩)ی پەرلەمان پەسەند کراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ناردرا، لە (٢٠١٤/٨/١٨) سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوە، بەبێئەوەی هۆکار و ئەو مادەیە دەستنیشان بکات کە نارازییە لەسەری، ئەبوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتی خۆیدا ئەم یاسایە

---

(١٩) – لە برگەی دووەمی مادەی (٧٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە:

دووەم:پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی هەر ساڵێك هەر بەگەیشتنی رەوانەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری دەکرێت بۆ وردبینی و گفتوگۆکردن لەسەری.

(٢٠) – لە برگەی (٣)ی مادەی (٢٥) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتێکی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەکەی ئەمەی خواست بۆ ماوەیەك لە (١٥) رۆژ تێپەڕ نەکات لە ماوەی هەر خولێك لە خولە گرێدراوەکان.

هەروەها مادەی (٢٨)ی پەیرەودا هاتووە:

١-هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامەکان موچەو دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن.

٢-لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەندام پەرلەمان لەهەر دانیشتنێك لەدانیشتنەکانی پەرلەمان بەبێ پاساوێکی رەوا ئەو بڕی (٢٠٠) دووسەد دینار لەو پاداشتەی لە برگەی سەرەوە باسکراوە بەرامبەر هەر دانیشتنێك لێی دەبڕێت بەمەرجێك کۆی گشتی لێبڕدراوەکان لەپاداشتی مانگانەی تێپەڕ نەکات.

(٢١) – لە خاڵی (٣)ی برگەی (أ)ی مادەی (٣٠) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: ئەگەر ئەندام لە سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك بەبێ پاساوی ڕەوا ئامادە نەبوو، ئەندامێتی لەدەست دەدات.

بخاتەوە بەرنامەی کارەوە، بەلام زۆر دوای خست، یاساکە لە (٢٠١٤/٨/٢٤)دا گەڕایەوە، بەلام سەرۆکایەتی لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی رۆژی (٢٠١٤/١٠/٢٢) خستیە بەرنامەی کارەوەو لەو دانیشتنەش گفتوگۆی لەسەر نەکراو بۆ سەرەتای خولی گرێدانی بەهارە دواخرا، بەلام لەم خولەدا نەخرایەوە بەرنامەی کارەوە.

٥–پێشێلکردنی مادەی (١)ی پەیرەوی ناوخۆ سەبارەت بە پێناسەی (فراکسیۆن)، بەپێی پەیرەو و رێژەی کورسیی لایەنەکان تەنها (٤) فراکسیۆن هەیە، بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان بە (١٧) فراکسیۆن ناوزەدیان دەکات.[٢٢]

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە تەمەنی نزیکەی ساڵێك دە مانگ دەبێت، تەنها (١٨) یاسای پەسەند کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٥٥) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ:** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[٢٣]

**چوار:** بەپێی رای شارەزایانی بوارەکە، بێسەروبەریی و بێبەرنامەیی بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکانەوە دیارە لەلایەن ئەندامان و فراکسیۆنەکانەوە کە زۆرینەی پرۆژەیاساکان کرچ و کاڵن، زیاتر مۆرکی ململانێی فراکسیۆنەکان و مزایەدەکردن بەسەر یەکترەوەیان پێوە دیارە.

**پێنج:** لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە بەفەرمی داوای لێپرسینەوە (استجواب)ی چەند وەزیرێك کراوە، بەلام تا ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە هیچ وەزیرێك لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە نەبووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت گوێڕایەڵی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان و ئیرادەی ئەو دەزگا شەرعیە بالایە نیە.[٢٤]

---

(٢٢) – لە مادەی (١) لە پەیرەوی ناوخۆدا سەبارەت بە پێناسەی (فراکسیۆن) هاتووە:

فراکسیۆن: کۆی گشتی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە یەکێك لەو لیستانەی هەڵبژاردن کە بە رێژەی ٧٪ بەرەو سەرەوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

(٢٣) – لە مادەی (٤٢) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: ١–لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢–ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حاڵەتی وەلام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

(٢٤) – لەمادەی (٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە:

١–هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەلاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرسیارەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

**شەش**: تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە سالانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێری دارایی بەدواداچوون بکات.

**حەوت**: پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی شەش مانگدا تەنها (٢٢) کۆبوونەوەی کردووە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەل کاری پەرلەمانی و ئەو هەموو گرفت و قەیرانەی لەهەرێمدا هەیە و ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەیاسایەی بەردەستیان کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کردووە، کەمە.

**هەشت**: لە کۆی ئەو (٢٢) کۆبوونەوەیەدا (٥١) برگە لەبەرنامەی کاردا هەبووە، لەوانە (٢٧) برگە لەکاتی خۆی جێبەجێکراوەو (٢٤) برگەش دواخراوە بۆ کاتی تر و لەکاتی خۆیدا جێبەجێنەکراون.

**نۆ**: لەو (٢٢) کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئەنجامی داون، بە تێکرا (٣٣٠) جار ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوون، (٥٥) ئەندام مۆڵەتیان وەرگرتووە و (٢٧٥) ئەندامەش بێ مۆڵەت بەشداریان نەکردووەو نەچوونەتە کۆبوونەوەکانەوە. هەروەها (١٦٩) ئەندامیش بایکۆتیانکردووە.

**دە**: لە ماوەی تەمەنی پەرلەماندا لەم خولە ئەندامانی پەرلەمان (٤٤٣) پرسیاریان ئاراستەی حکومەت کردووە، لەوانە حکومەت وەلامی (٣١١) پرسیارەی داوەتەوە، و تا ئێستاش (١٣٢) پرسیار بێ وەلامن و تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە وەلام نەدراونەتەوە. دیارە وەلامی پرسیارەکان باوەڕ پێکراون لای ئەندامەکان، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرسیارە بێ وەلامەکانیش نەکراوە.[٢٥]

**یانزە**: لە ماوەی ئەو خولەدا تەنها (جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی کشتوکاڵ و شارەوانی) و سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، چوونەتە هۆڵی پەرلەمانەوە بەمەبەستی گفتوگۆ رونکردنەوە، ئەمەو لەکاتێکدا جگە لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (١٩) وەزیری بە وەزارەت و (٣) وەزیری بێ وەزارەت هەن لەم کابینەیەدا.[٢٦]

**دووانزە**: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لە کۆی (٢٤) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك و جێگر و وەزیرەکانەوە، تەنها (١١)وەزیر سەردانی لیژنەکانی پەرلەمانیان کردووە.[٢٧]

---

٢–سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەلاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

(٢٥) – لەمادەی (٦٥) ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: سەرۆك یا ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرسیاری نوسراوی دەست بەجێ لەدوای خوێندنەوەی وەلامبداتەوە، یا لەماوەی پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێدانی پرسیارەکە بە نوسراو وەلام بداتەوە.

هەروەها لەمادەی (٦٧)یشدا هاتووە: ئەگەر حکومەت لەماوەی یاساییدا وەلامی پرسیاری ئەندامەکەی نەدایەوە، ئەم ئەندامە بۆی هەیە رەوانەی پرساندنی بکات و هەمان رێکاری گرتراوەبەر لە پرساندنەکان دەگرترێتەبەر.

(٢٦) – ئەم وەزیرانە بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی مادەی (٥٤)ی پەیرەوی ناوخۆ وەك میوانداری ئامادە بوون.

(٢٧) – لە برگەی (٣)ی مادەی (٤١) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: هەر پازدە رۆژ جارێك سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك ئامادەبوونی بەباش دەزانرێت یەکجار ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان دەبێت.

**سیانزە**: لە ماوەی تەمەنی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا لەلایەن فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمانەوە (٢٢١) پرۆژە یاساو بڕیاری هەمەجۆر پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون، هەروەها لەلایەن حکومەتیشەوە (٥) پرۆژە یاسا ناردراوە کە کۆی گشتی دەکاتە (٢٢٦) پرۆژە، لەوانە تا ئێستا (١٥٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، (٧١) پرۆژەش تا ئێستا لای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ماون و نەخراونەتە بەرنامەی کارەوە.

**چواردە**: لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٣٦٣) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان ڕاپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەلام تەنها (١٠٩) ڕاپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٥٤) ڕاپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.

**پانزە**: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەکان (١٧٢) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. ئەگەر بە تێکرا دابەشی سەر لیژنەکانی بکەین، هەر لیژنەیەك (٨) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە. واتە بە سێ هەفتە کۆبوونەوەیەك ئەنجامدراوە. لەو کۆبوونەوانەشدا (٢٩٦)جار ئەندامان ئامادە نەبوون.

**شانزە**: لەماوەی ئەو شەش مانگەدا پەرلەمان (٩) یاسا و (١) بڕیاری دەرکردووە.

**حەڤدە**: لە کاتی گفتوگۆی پرۆژە یاساکاندا پێویستە و عورفیش وابووە کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بێت، بەلام بەشێك لە وەزیرەکان ئامادە نابن، وەك وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە کاتی گفتوگۆی یاسای تاقانەکانی جینۆسایدو، وەزیرانی سامانە سروشتیەکان و دارایی لەکاتی گفتوگۆی یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز ئامادە نەبوون.

**هەژدە**: وەك تێبینی دەکرێت ڕۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە ڕووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەلام ئەوە نابینرێت.

**نۆزدە**: بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عیراق بۆ ڕاپرسی، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەکە کارەکانی خۆی تەواو بکات، بەلام کاتەکەی تەواو بوو و کارەکانی تەواو نەکرد و لیژنەکەو کارەکانی بەهەلواسراوی ماونەتەوە بەبێئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێکی لێبدرێت.

**بیست**: بلاو نەکردنەوەی ئەو بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان دەری کردوون لە (وەقائیعی کوردستان) و ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەماندا.

# ئەنجام

١–لەم خولەی پەرلەماندا هەلسوکەوتی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەل میدیاکاران و کەنالەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا کراوەترەو زانیاری باشتر بە رۆژنامەنوسان دەدات و لەوەش باشتر بەردەوام دانیشتنەکان راستەوخۆ پەخش دەکرێن.

٢–لیژنەکانی پەرلەمان وەك پێویست کاری خۆیان ئەنجام نەداوە لە نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان، ئەمەش هۆکارێکی ئەوەیە کە پەرلەمان وەك پێویست نەیتوانیوە کۆبوونەوە بکات، چونکە پرۆژەیاسای ئامادەکراو بە راپۆرتەوەی لەبەردەست نەبووە تا بیخاتە بەرنامەی کارەوە.

٣–لیژنەکانی پەرلەمان وەك پێویست چاودێری ئەو وەزارەت و دەستەو فەرمانگانەیان نەکردووە کە پەیوەندیدارن پێیانەوەو کاری چاودێریکردن لاوازە لایان.

٤–ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کەمەو لە ئاست ئەو هەموو قەیران و گرفتەدا نەبووە کە رووبەرووی هەرێم بۆتەوەو لەئاست خوێندنەوەی یەکەمی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەیاسایەش نەبووە کە خۆی بۆی کردووە.

٥–نادیدەگرتن و پشتگوێ خستنی رۆڵی پەرلەمان لەلایەن حزبەسیاسیەکانەوە، کە حیساب بۆ بریار و را و راسپاردەکانی نەکراوە بەتایبەت لەمەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا.

٦–پەرلەمان لە ئاست لێپێچینەوە لە دەسەلاتی جێبەجێکردن لاواز بووە و لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە.

٧–ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی وەك پێویست بە ئەرکی سەرشانیان هەلنەساون، هەر لە بەشداری کۆبوونەوە گشتیەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و راپۆرت نوسینی سەر پرۆژە یاساکانەوە تا دەگات بە ئەرکی چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن. خشتەی هەریەك لەو بابەتانەش کە لەم راپۆرتەدا هەیە گەواهی ئەوە دەدەن.

٨–سوربوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر ئەوەی کە تەنها پەرلەمان تاکە مەرجەعی بالای شەرعیی یاسایی و سیاسیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە. بەلام رێگریەکانی بەردەمی وایانکرد ئەم ئامانجە نەپێکێت.

٩– جێبەجێکردنی یاساو بریار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە.

١٠–هەولی ناوزراندنی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەلایەن دەزگا راگەیاندنەکان بە گشتی و دەزگاکانی لایەنێکی سیاسی بەتایبەتی.

١١–هەرەشەو چاو سورکردنەوە لە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن چەند لایەن و کەسانێکەوە، بۆئەوەی پەرلەمانتاران ساردببنەوە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

## پێشنیار و راسپاردەکان:

١- کلیلی چارەسەر بۆ ئەکتیف بوونی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٢- تێپەڕاندنی دۆخی هەلبژاردن و کارکردن بە دەستە جەمعی، هەمووفراکسیۆنەکان بەشدارن لە حکومەت و کەسیش ناتوانێ بەتەنها کار بکات و پێویستیان بە یەکتری هەیە.

٣- فراکسیۆنەکان لەخۆبوردووانەتر کار بکەن و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان بخەنە لاوەو لەئاست ئەرکەکانی ئەم قۆناغەدابن، کە قەیرانگەلێك بەرۆکی هەرێمی گرتووە.

٤- سەرۆکایەتی پەرلەمان پابەند بێت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانەوەو جێبەجێی بکات، چ لە ئەدای ئیشکردنی خۆی، یا بەسەر لیژنەکان و ئەندامان و لە پەیوەندی لەگەل دەسەلاتی جێبەجێکردنیشدا.

٥- پەرلەمان خول بۆ فراکسیۆنەکان و ئەندامان بکاتەوە بەمەبەستی شارەزابوونی زیاتر لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو بریارەکان.

٦- پەرلەمان زیاتر چاودێری ئیش و کارەکانی حکومەت بکات.

٧- لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەلسن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و کۆبوونەوەی زیاتر بکەن.

٨- سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشی راگەیاندن و بەتایبەت (سایتی پەرلەمان) ئەکتیف تر بکات و یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی لەسەر دابەزێنێت.

٩- پێویستە لەکاتی گفتوگۆی پرۆژەیاساکاندا وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادە بن.

١٠- حزبەکانی کوردستان کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، پشتگیری لە پەرلەمان بکەن وەك دامەزراوەیەکی نیشتیمانی لەپێناو دارشتنی یاسای مۆدرێن و چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن، نەك نادیدەی بگرن.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینیستتوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ژمارە : ٢٨٩

ڕێکەوت : ٢٠١٥/٦/١٤

## بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت /یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان

پاش سلاو و ڕێزمان...

هەروەك پێشتر نوسراوی ژمارە (٢٨٨) لە (٢٠١٥/٦/٧) مان ئاراستەی بەڕێزتان کردبوو، سەبارەت بە پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆژە **(یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان)** لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی ڕۆژی (٢٠١٥/٦/٢) لە پەرلەمانی کوردستاندا کە تێبینی خۆمان سەبارەت شێوازی پەسەندکردنەکە خستبووە ڕوو کە یەکێك لە ڕوکنەکانی پەسەند کردنی یاسای تێدا نەبوو و ئەویش نەبوونی نیصابی تەواوی ئەندامان بوو لەکاتی دەنگدانەکاندا.

بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر ئەم یاداشتەتان پێشکەش دەکەین.

ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی پرۆژە یاسای (ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان)ی کرد و پەسەندی کرد، لە دانیشتنەکەدا بە شێوازێکی نایاسایی تێپەڕێنرا، چونکە ژمارەی یاسایی ئەندامان لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون و یەکێك لە ڕوکنە یاساییەکانی پەسەندکردنی یاسای تێدا نیە.

هەر بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە کە بەرزتان کردۆتەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەمەبەستی ئیمزاکردن بیکێشنەوە. چونکە ئەم هەنگاوە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و بەجێگەیاندنی یاسادایە، ئەگەر خودی پەرلەمان یاسا پێشێل بکات ئەوکاتە کێ دەمێنێ بۆ چاودێریکردنی یاساکان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە؟

ئەگەر بەڕێزتان ئەم هەنگاوە نەنێن، ئەوا ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە هەنگاوی یاسایی بگرینەبەر بۆ ڕاگرتنی ئەم یاسایە.

لەگەڵ ڕێزدا ....

**هاوپێچ// وێنەی ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان لە کاتی دەنگدانیدا.**

**د.سەروەر عبدالرحمان عومەر**

**سەرۆکی ئینیستتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

Tel: ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ - ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣
Email / payinstitute@gmail.com

ناونیشان/ هەولێر - ڕێگای کەرکوك
/ سلێمانی – شەقامی شەست مەتری تەلاری (ئاسیا ئۆیل)

ژمارە : ٢٩٠

ڕێکەوت : ٢٠١٥/٦/١٤

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان**

پاش سلاو و ڕێزمان...

هەروەك پێشتر نوسراوی ژمارە (٢٨٨) لە (٢٠١٥/٦/٧) مان ئاراستەی بەڕێزتان کردبوو، سەبارەت بە پرۆسەی پەسەندکردنی پرۆژە (یاسای ڕاکێشانی مایە لە ڕێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان) لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی ڕۆژی (٢٠١٥/٦/٢) لە پەرلەمانی کوردستاندا کە تێبینی خۆمان سەبارەت شێوازی پەسەندکردنەکە خستبووە ڕوو کە یەکێك لە ڕوکنەکانی پەسەند کردنی یاسای تێدا نەبوو و ئەویش نەبوونی نیصابی تەواوی ئەندامان بوو لەکاتی دەنگدانەکاندا.

بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر ئەم یاداشتەتان پێشکەش دەکەین.

**ڕەوشی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە و دەنگدان لەسەر مادەکان:**

| ژ | ناوی مادەکە | ژ.ئامادەبووان | لەگەڵ | دژ | دەنگی نەداوە | کاتی دەنگدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -١ | گفتوگۆ لەسەر یاساکە بکرێت یان نا | ٧٧ | ٥٢ | ٢٥ | نیە | 2:00 |
| -٢ | دەنگدان بۆ ڕاپۆرتەکان کە بین بە بنەما | ٦٢ | ٤٦ | نیە | ١٦ | 2:07 |
| -٣ | دەنگدان بۆ ناونیشان | ٥٥ | ٤٥ | نیە | ١٠ | 2:22 |
| -٤ | مادەی ١ | ٥٨ | ٤١ | ٢ | ١٥ | 2:23 |
| -٥ | مادەی ٢ | ٥٧ | ٤٠ | ٣ | ١٤ | 1:00 |
| -٦ | مادەی ٣ | ٦٣ | ٤٧ | ٢ | ١٤ | 0:15 |
| -٧ | مادەی ٤ | ٦٥ | ٤٥ | ١ | ١٩ | 0:16 |
| -٨ | مادەی ٥ | ٦٥ | ٤٥ | ١ | ١٩ | 0:34 |
| -٩ | مادەی ٦ | ٥٩ | ٣٤ | نیە | ٢٥ | 0:52 |
| -١٠ | مادەی ٧ | ٥٦ | ٤٠ | ٢ | ١٤ | 1:11 |
| -١١ | مادەی ٨ | ٥٧ | ٤١ | ١ | ١٥ | 1:55 |
| -١٢ | مادەی ٩ | ٥٦ | ٣٤ | ٩ | ١١ | 1:59 |
| -١٣ | مادەی ١٠ | ٥٣ | ٣٥ | نیە | ١٨ | 2:01 |
| -١٤ | مادەی ١١ | ٥٤ | ٣٥ | نیە | ١٩ | 2:02 |
| -١٥ | مادەی ١٢ | ٥٥ | ٣٤ | نیە | ٢١ | 2:03 |
| -١٦ | مادەی ١٣ | ٥٤ | ٣٨ | نیە | ١٦ | 2:04 |
| -١٧ | هۆکاری دەرچواندن | ٥٣ | ٣٦ | | ١٧ | 2:07 |
| -١٨ | سەرجەم یاساکە | ٥٤ | ٣٩ | ٦ | ٩ | 2:08 |

## تێبینیەكان:

بەپێی مادەی چوار لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستاندا هاتووە كە:

كۆبوونەوەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی نەبێ یاسایی نابێ، پەرلەمان بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی بڕیارەكانی دەدا، جگە لەو حالەتانەی كە بەپێی یاسا پێویستی بە زۆرینەی تایبەتی (الاغلبە الخاصە) هەیە، ئەگەر دەنگەكانیش وەك یەك بوون بەو لایەدا دەلەنگێ كە دەنگی سەرۆكی لەگەلدایە.

بەلام ئەوەی لەم دانیشتنەدا تێبینی دەكرێت:

١- لەكاتی دەنگدان لەسەر ماددەكانی (١٠-١١-١٢-١٣) و هۆكاری دەرچواندنی یاساكە و تێكرای یاساكەدا ژمارەی پێویستی ئەندامان ئامادە نەبوون. ئەمەش پێچەوانەی یاسایە. (**هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا ژمارەی ئامادەبووان و دەنگەكان و كاتی دەنگدانەكەش بەپێی كاتژمێری ڤیدیۆ تۆماركراوەكە هاتووە**).

٢- ئەم پرۆسەیەی بەڕێوەچوو پێشێلی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانە.

٣- لە مێژووی بیست و چوار سالّی تەمەنی پەرلەمانی كوردستانداو لە هەر سێ خولی رابردوودا هیچ یاسایەك بەو شێوەیە پەسەند نەكراوە و سەرباری بوونی دەقی یاسایی پەیرەوی ناوخۆش، ئەمە بووە بە نەریت (عورف)ێك و بەڕێزیشتان دەزانن كە یەكێك لە سەرچاوەكانی یاسادانان عورفە.

٤- لەسەرجەم خولەكاندا ئەگەر لەدانیشتنێكدا كاتی دەنگدان ژمارەی پێویستی ئەندامان لە هۆلّ ئامادە نەبووبن، ئەوا پرۆسەی دەنگدانەكە راگیراوە تا ئەوكاتەی ژمارەی یاسایی تەواو بووە، یاخود دانیشتنەكە هەلّگیراوە.

٥- بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان باشتر دەزانێت كە لە خولی چوارەمیشدا بەهەمان شێوە كار كراوە، تەنانەت لە هەمان دانیشتندا (واتە رۆژی پەسەند كردنی یاسای قەرز رۆژی ٢٠١٥/٦/٢) لە كاتی دەنگدان لەسەر ناونیشانی یاساكە دا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە گومانە لەوەی كە ژمارەی یاسایی ئەندامان ئامادە نەبن، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكات كە ئەندامان بژێرێت، دوای بژاردنیان دەردەكەوێت نصاب نیە لە هۆلّەكەدا، هەرچەندە یەكێك لە ئەندامان داوادەكات كە ئاساییە و نصاب تەنها بۆ بەستنی كۆبوونەوەیە، بەلام بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان رازی نابێت و دەلێت نەخێر ئەوە دەنگدانەو دەبێت ژمارەی یاسایی ئامادەبن، هەربۆیە كۆبوونەوەكە رادەگرێت بۆ ماوەی پێنج دەقیقە تا نصاب تەواو دەبێت و ئەو كاتە دەیخاتە دەنگەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان زۆرباش ئاگاداری لایەنی یاسایی و نایاسایی ئەو مەسەلەیە، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەی بۆچی دانیشتنەكەی راگرت!!؟؟

---

٦- تێپەڕینی ئەم یاسایە بەم شێوازەو لەحاڵەتی نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانـدا پێشینەیەکی خراپ دروست دەکات و مەترسی ئەوەی هەیە کە بابەتی تـر و یاسای تـریش لـە داهـاتوودا بـەم شێوازە پەسەند بکرێت چونکە دەبێت بە دابێك.

٧- خۆ ئەگەر وابێت لە داهاتوودا تاکەیەك فراکسیۆنیش دەتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی یاسا تێپەڕێنێت، بەتایبەت ئەوکاتانەی ئەگەر دەستەی سـەرۆکایەتی هـەموویان لـە دانیـشتنەکە ئامادە نەبن!

٨- بۆ پرس ورای زیاتر و بەدواداچوون ئێمە پرسیارمان لە کۆمەڵێك لە ئەندامانی شارەزای خولەکانی پێشوو و سەرۆکی خولەکانی پێشوو کردووە هەمان رایان هەبووە.

لەبەر ئەم هۆکارانەو بۆ پاراستی پیرۆزیی پەرلەمان و هەڵسانی ئەم دەزگاگرنگە بـە ئـەدای خـۆی بەشێوەیەکی رێکوپێك، داواکارین دووبارە، ئەم یاسایە بگێڕنـەوە نـاو هـۆڵی پەرلـەمان و دەنگی لەسەر بدرێتەوە.

بەپێچەوانەوە ئێمە وەك رێکخراوەکەمان ناچارین رێگەی یاسایی و شارستانیانەی تر بگرینەبەر.

هیوامان سەرکەوتنتانە

لەگەڵ رێزدا

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**

**ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٥/٦/١٤**

PAY INSTITUTE
For Education & Development

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:

ئینستیتیوت لە ٢٠١٣/١١/٢٦ لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) ئینستیوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوار و ئاستەکاندا. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە برتیبە لە:

١. پابەندبوون بە پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی و مرۆڤ .
٢. پابەندبوون بە دیموکراسی و رێزگرتن لە سەروەری یاسا.
٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.
٤. پەیوەست بوون بە بێ لایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و دینی و نەتەوەیی.
٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری، و پاراستنی تایبتمەندێتی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستیتیوت:

### ١- (پرۆژەی شەراکەتی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا، هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بریاری ژمارەی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ وۆرك شۆپ+ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو .

### ٢- (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە سەبارەت بەماوەی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانە، لەرێگای تیمێکی خۆبەخشەوە زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە، راپۆرتی یەکەم لە (٢٠١٣/١١/٦ بۆ ٢٠١٤/١١/٦) ئەنجام دراوە، راپۆرتی دووەم و سێیەم ساڵی ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.

### ٣- (ورك شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە وۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی واز هێنان لەخوێندنی لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەرێوەچوو.

### ٤- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لەراپۆرتێکی (١٠١) خاڵی لەسەر کێشەکانی پەروەردە و خوێندن لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرا بە ئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆڕی پەروەردەیی، لە ئەنجامدا بڕیاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و دوای ساڵێك دانیشتن بکرێتەوە و راپۆرت نوێ لەوبارەیەوە پێشکەش بکرێت، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.

### ٥- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە راپۆرتێکی (١٤٠) خاڵی لەسەر کێشەکانی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵا دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کرا بەئامادەبوونی (٨٠) مامۆستای زانکۆکان و نوێنەری رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن، لە ئەنجامدا بڕیاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و راپۆرتەکە بۆ سەرجەم زانکۆکان بنێردرێت بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر ، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.